کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 16-7-2007 1:38

**چەند گەندەڵیەکی بنەماڵەی مەلاعەلی ... ‌*شثان هەورامی**

کۆمەڵ و بزوتنەوە دووحیزبی ئیسلامی لە ئەنجامی کەرت بونی یەك حیزب، دوای ئەوەی کە بزوتنەوەی ڕاپەرینی ئیسلامیو بزوتنەوەی ئیسلامی بون بەیەك و ناویان لە خۆیاننا بزوتنەوەی یەکبونی ئیسلامی هۆکاری بون بەیەکی ئەو دوو حیزبە تەریبان بوو لە چەند خالێکدا، بۆ خستنە یەکی تواکانی نێوان هەردوو لایان بۆ زیاتر خزمەت کردن بە ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستاندا، بەڵام بەهۆی بونی تە کەتولاتی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی ئەو کاتەوە دوای یەکبوونی نێوان هەردوولایان (باسك و برا) باڵەکانی نێوان بزوتنەوە پەرەیان سەند بەشێوەیەك کە بزوتنەوەی ڕاپەڕین دابەش بوو بەسەر باڵەکانی نێوان بزوتنەوەدا ئەمەش بەشێوەنا کە بەتەواوەتی ڕاپەڕین بتوێتەوە بەڵکو بە شێوەیەك کە هەرکەسەو لە چەند خالێکدا لە گەڵ باڵێکی ناو بزوتنەوەدا تەریب بوون، بنەماڵەی مامۆستاعەلی عەبدولعەزیزی ڕەحمەتی لە ناو بزوتنەوەدا باڵادەسترین باڵ بوون، دارایی حیزب و ئەزمونی پێشوی بنەماڵەی مامۆستا عوسمان دەستێکی باڵایان هەبوو بوو لە دروستکردنی بزوتنەوەدا ئیتر ئەمە بوبوە دەم بەست بۆ ئەوەی کە باڵەکانی ناو بزوتنەوەی یەکبون لە ئاست زۆر شت بی دەنگی هەڵبژێرن، ئەم بی دەنگیە تا کاتێك مایەوە کە زوڵم و زۆر لە ناو بزوتنەوەی یەکبوندا پەرەی سەند بە شێوەیەك بنەماڵەی مەلا عەلی عەبدول عەزیز ڕابەر لە ناویاندا محەمەد و تەحسینی کوڕی بەتایبەتی کە وا دەسەڵاتیان پەیداکردبوو دەسەڵاتیان لە ئەندامی مەکتەب سیاسیەکی بزوتنەوەی ئیسلامی زیاتر بوو زۆرجار هەڕەشەیان لە ئەندام مەکتەب سیاسیو ئەندامی سەر کردایەتی دەکردوو تا کار گەشتە دەستگیر کردنی ئەندامی سەر کردایەتی بزوتنەوەی یەکبون لەناویاندا (هاوژین تالیب) کە کۆنە ڕاپەڕن بوو کاتێك کەدەستگیر کرا بوو سەر جەم ئەندامانی ڕاپەڕین لە شارۆ چکەی خورماڵ کۆبونەوە کەوتنە هەڕەشە کردن لەیەکتری تا ئازاد بوو، سەرەڕای ئەم هەموو باڵادەستیەی بنەماڵەی مەلا عەلی عەبدولعەزیز لەکۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی یەکبوندا کە سەر جەم باڵەکانی ناو بزوتنەوە و ڕاپەڕن تێیدا ئامادەبوون هەر جۆرێك نەبوو لە ناو ململانێی توندی باڵەکانی ناو یەکبوندا کۆنگرەی یەکبون بەسترا لە تەوێڵەو خورماڵ ئەنجامی کۆنگرەی یەکبوون ڕاگەیەنرا زۆرێك لە باڵی بنەماڵەی مەلا عەلی عەبدول عەزیز کەوتن و دەر نەچوون بە هەر جۆرێك بوو مەلا عەلی عەبدول عەزیز لە ئاخر ڕۆژی کۆنگرەکەدا لە وتەیەکیدا لە دەرەوەی ئەو مزگەوتەی کەلە تەوێڵەبوو بە ئەنجامی کۆتایی کۆنگرە ڕازیبوو خۆی لە وتەیەکیدا ڕایگەیاند" سوپاس بۆ خوا کۆنگرە کە بە سەر کەوتوی کۆتایی هات" بە ئەنجامەکەی ڕازی بوو، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك لە تەوابونی کۆنگرەکە ئەو ئەندامانەی کە باڵی مەلا عەلی عەبدول عەزیز بوو زۆریان هێنا بۆ مەلا عەلی عەبدول عەزیز وایان لێکرد کە بە ئەنجامی کۆنگرە ڕازی نەبێت، پەشیمان ببێتەوە لە ئەنجامی کۆنگرە، ئیتر ئەم جارەیان ئەو ئەندامانەی ناو کۆنگرە کە دەرچوبوون و ئەوە یان پی قەبوڵ نەکرا ئیتر بی دەنگ بن ئەو ئەندامانەی کە دەرچووبوون جگە لە بڕێکی کەمیان بە زۆرینەی ئەوانەی کە دەرچوبون بڕیاری جیابونەوەیان دا و بەڵێنی ئەوەیان دا کە چیتر ئەو تاك ڕەویەی ناو یەکبوون قەبوڵ نەکەن ئەوەبوو لە خۆیان لە کۆمەڵی ئیسلامی کوردستاندا ڕاگەیاند، ئەم جیا بونەوەیەی کۆمەڵ لای بنەماڵەی ڕابەر زۆر قورسبوو چونکە ئەو قور ساییەی کە یەکبون هەی بوو ئیترلەو کاتەوە ئیتر نەی ما و ڕووی لە لاوازی کرد، بەڵام من دەڵێم ئەمە دەبوو شتێکی ئاسایی ببوایە لای کۆمەڵ و ئەو چەند کەسەی کە لەدەوری بنەماڵەی مەلا عەلی مابونەوە بوتیبەتی لای بنەماڵەی ڕابەری گشتی چونکە ئەگەر شەرع بکەن بەقیاس ئیسلام دەڵێت" وامروهم شورا بینهم" واتە: پرسو ڕاوێژ بکەن لە نێواننادا بۆ بڕیاردا ن لە سەر شتێك، ئەگەر زۆرینەی ئەو شورایە لەسەر شتێك ڕیك کەوتن دەبێت کەمینە مل کەچ بن بۆی، یان دەبێت بە شەرع ڕازی بن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یان لەکوردستاندا دیموکراتی باوە کە دەبێت ئەویش دەڵێت زۆرینە چی بڕیار دا هەر ئەوەیە، خۆناکرێت بە گوێی کەمینە بکرێت.

ئیتر نازانم ئەو قەڵسبونەی ماڵی مەلا عەلی بۆ؟! وەسیەتی مامۆستا عوسمانیش ئەوە دەڵێت کە بە شورا ئیش بکرێت نەك لە بەر ئەوەی کە کوڕە بەر پرسیت بە ئارەزووی خۆت بڕیاردەربیت کەس بۆی نەبێت قسە لە قسەتدا بکات، کەی مامۆستا عوسمان ئەوە دەڵێت کەی ئەوە بەلێنی ئەوە بڵێت بە شورا ئیش مەکەن؟! هەموو نا یەکسانیەك قەبوڵ بکەن تا قیامەت پێشمەرگەیەك دیناریکی لە گیر فاندانەبوو کەچی بنەماڵەی مەلا عەلی عەبدول عەزیز ی ڕابەر دەشتی هەڵەبجەی شەهیدی ئەکرێ ئەی خواو پێغەمبەرەکەی کەی ئەوەیان قەبوڵ دەکرد.

*ئەندامێکی ناو بزوتنەوەی یەکبوون بەئاگا لە گەندەڵیەکانی.
تێبینی: ئەگەر هەر تێبینیەکتا هەبو لەسەری بەم ئیمەیڵە ئاگادارم بکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.